# شیعرنامەی شەونمی بەیانییەك

لەعەشقی دڵێکی بێ دڵ
لە نێو کەزییەکانی کزەبایەکی بۆنخۆش
لەسەرە مەرگی زستانێکی غەمبار ئەوەستم
تۆم لەبەرچاوە
بە هێمنی پێ ئەخەیتە هەواری دڵم
سەمفۆنیاییێکت لە میحرابی سۆز
بە زولفە شەنگەبییەکان ئەژەنی و
لەچەند چرکەیەکی خوماری لێوەکانی نووری
مەریەمت ماچ ئەکرد
ئەو ماچانەی مانگ بە نزاوە
لەبەردەمی یەخەی خۆی دا ئەدرشی
پاییزی ئەکرد بە ملوانکە و
لە ملی روخساری بەهاری ئەکرد
دووڕگەکانی هەنگاوی عەشقت
ئارام ئارام
گیرۆدەی شەونمە جوانەکانی
گۆرانیە فیردەوسیەکان ئەکرد
منێکی هەژار تیای ئۆقرە بگرم
منێکی دەستی
ئەو دەنگانەی لە جەستەیەکی ئابلوقە دراو

نابینا نابینا

لەگەڵ سواڵکەرەکەی دیوانێکی بێ بەش هاو سەفەرم

لەگەڵ ئەو ناسنامە تاریکانەی

لە نێو ئەدرێسەکانی تەنیایی

شیعر نامەی ( با ) یەکی ستوونی مردوون و

بەڵێنەکانی گوڵێکی وەنەوشە ئەکەن بە پێنووس و

تەفسیری ژانە سورهەڵگەڕاوەکانی پێ ئەکەن

گومانەکەم

لە بوونی پاکیزەیی هەنارێکی رەنگ ئاسا

لە کازێوەیەکی سەراب و

ژوورێکی بێدەنگ

لە ساتێکی گوڵبژێری

پەیکەری شەقامێکی ساویلکە و

بێ ئاگایی رۆژژمێرێکی دوودڵ

وەرە با لە رۆشنایی چاوانتا

شەتڵی هەمیشە بوونی شەبەنگ بچێنم

تا بەناخی سەمای شلێرە رەشەکە بچێتە خوارەوە

لە رۆحی هاژەی ئۆقیانوسێکیش

تاڵێك لە گومان بەشەڕی تیمساحەکانی

حەشامەت ببەخشم

لە فەرهەنگی مەزامیریش

ئەستێرەیەکی دوو لەت

بکەم بە سیگارەیەکی مۆر و دایبگیرسێنم

زەمەنێکی باوەش کز

لە ناز و نوزەی شەرحی بەیانییەکی گەنم رەنگ

بکەم بە پۆرترێتێکی ئاڵۆز

تا هەموو ئازارەکان

لە مازادی خێڵی تاراوگەدا

لە روخسارێکی فەنا بمرێنم

ئەو شەوەی هەستی

لە هەنگوینی روومەتی مانگێکی دەم بە هەنسك چەسپاوە

لەگەڵ شنەی نیگارێکی شێت بپێمەوە و بیکەم بە شەڕابێکی هیرمس

لە نێو وشە خەیاڵاوییەکان بیمرێنم

گەر گوڵەکانیش دوور لە ئێمە بنوارن

ئەوا تارمایەك

لە پەردەکانی زوویری ڕێبوارەکانی وەرزی ئیلهام

ئەبێ بە چۆلەکەیەکی رووت و

دار قەیسیەکەی بەردەم پەیڤە رۆحییەکان ئەخوات

ئەو کات

دەڤەری گۆڕستانەکان

مۆمە نیگەرانییەکان

دڵۆپە فرمێسکە پرتەقالییەکان

لەسەر لێوی بەیانییەکی حەسرەتاوی ئەبن بە شەونم